# بڕیارنامەی كونگرەی دەهەمی كۆمەڵە، سەبارەت بە خەباتی چەكدارانە لە كوردستان

یەكێك لە پێناسەكانی مەیلی "ئیسلاح خوازی لە كوردستان" هێرشی شەرمێونانە و جاروبار ئاشكرایە بۆ سەر خەباتی چەكدارانەی هێزی پێشمەرگە. بەشێك لە ناسیونالیسمی كورد هاودەنگ لەگەڵ دام و دزگای تەبلیغاتی بورژوازی باس لە بێئاكام بوونی خەباتی چەكدارانە دەكەن و خەڵكی كوردستان و ڕێكخراوە سیاسی‌یەكانی بەهۆی گرتنەبەری ئەم سیاسەتە لە رابردوودا سەركۆت دەكەن، خۆیان لیبرال هەل دەخەن توندوتیژی چەكدارانە رەت دەكەنەوە و بۆ نیشاندانی كارسازبوونی شێوەی هێمنانەی خەبات قەڵەمەكانیان خستوتەكار.

بەبروای ئەوان گۆیاسەردەمی ئێمە سەردەمی دیالۆگ و وت و وێژە و موبارزەی چەكدارانە كۆسپی سەررێگای بردنە پێشی شێوەكانی شارستانی خەباتی سیاسییە. گۆیا خەڵكی كوردستان لە ئاكامی دەست بردن بۆ چەك خەسارەتی لێكەوتوە، ئەوانەی كە رەخنە لە خەباتیچەكدارانەی هێزی پێشمەرگە دەگرن، بەجۆرێك قسەدەكەن كە گۆیا شێوەی هێمنانەی هەلسوران و دیالۆگ لە پێناو وەدەست هێنانی داخۆازی‌یەكانی خەڵكی ستەم لێكراو و كرێكاران و زەحمەتكێشان رێگای پێدراوە و ئەوە خەباتی چەكدارانەیە كە ئیمكانی كەڵك وەرگرتن لەم هەل و مەرجەی، بەربەست كردوە.

پەرەدان بەو رەوتەلە لایەن كەسانێكەوە كەنییەتی خراپیان نیە لە باشترین حاڵەت دا تەوەهوم و خۆشباوەرییە، بەڵام وەك جەریانێكی سیاسی فریوكاری‌یەكی ئاشكرایە بۆ بەربەست كردنی حەرەكەتی شۆڕشگێرانە، چونكە:

١ ـ ئەوە راستی‌یەكی مێژوویی حاشاهەڵنەگرە كە خەباتی چەكدارانە بە هێرشی هێزەكانی رژیمی ئیسلامی بە سەرخەڵكی كوردستان دا سەپا. خەڵكی كوردستان خوازیاری ئازادی بوون و پێیان دادەگرت لە سەر دیفاع لە دەسكەوتە دیموكراتیكەكانی خۆیان كە لە سەردەمی رووخاندنی رژیمی شادا وەدەستیان هێنابوو، بەڵام ناچار كران دەست بۆ چەك بەرن. دیفاع لەو ئازادی‌یە بەبێ فیداكاری و لەخۆ بردوویی مسۆگەر نەدەبوو. ئەوان دەستیان نەبرد بۆ بەرتوند و تێژی بەڵكوو بەگژ توندوتیژی‌دا چوونەوە و پارێزگاریان لە حورمەتی ئینسانی خۆیان كرد. كاتێك پاشەكشەیان بە هێزەكانی رژیم كرد و بۆ جارێكی‌تر كوردستانیان لە هێزەكانی رژیم پاك كردەوە، لە زۆربەی ناوچەكانی كوردستان گەلێك نموونەی بەنرخیان لە ژیانی شارستانی ئازادیخوازانە تەجرەبە كرد.

بەهێرشی رژیم بۆ سەرخەڵكی ئازادیخواز و رێكخراوە سیاسی‌یەكان لە سەرتاسەری ئێران، دەیان هەزار كەس كەوتنە سیاچاڵەكان و ئەشكەنجە و ئیعدام كران.

بەڵام خۆراگری و موقاوەمەتی چەكدارانە لە شێوەی پیشمەرگایەتی‌دا لە كوردستان سەنگەریك بولە بەرانبەر هیرشی دەرندانەی رژیمی كۆماری ئیسلامی. هەروەها لە ماوەی ٨ سال شەری كۆنەپەرستانەی ئیران و عیراق، هەربەهۆی ئەم شیوە لە موقاوەمەت و خۆراگرییە، رژیم هیچ كات نەیتوانی لاوانی كوردستان بە رادەیەكی بەرین رابكیشی بو سەربازی و بیانكاتە قوربانی لە مەیدانی شەردا، شەریك كە سەدان هەزار كەس لە لاوانی ئیرانی تیی‌دا گیانیان لە دەست دا. بەناو ئاشتی‌خوازانی دوو روو سیمای رژیمی ئیسلامی دەرازیننەوە و هەول دەدەن تووی پەشیمانی و شك و گومان سەبارەت بە رابردوو خەباتی لیبراوانە، لە زەینی خەلك دا بچینن. دەیانهەوی راستی‌یەكانی خاشا هەلنەگر لە بیرەوەری میژوویی خەلك دا بسرنەوە.

**ئەمریکا و دەولەتە ئوروپاییەکان بە زەبری تەبلیغات دەیانهەوێ ئەم درۆێ گەورەیە لەناو کۆمەڵانی خەڵك دا جێ بخەن کە گویا سەردەمی ئیستا سەردەمی دیالوگە. ئەوان لە حالێکدا کە خۆیان خۆلقینەرو پەرەپێ دەری ئامرازە جۆروجۆرەکانی کردەوەی توند و تیژی و سەرکوتن، لە حالێکدا خۆیان لەتاوانباران و یان پشتیوانانی کۆشتاری بە کۆمەڵ و سەرکوتی خۆیناوی لە سەرتاسەری جیهاندان، و موری تەئید لە سەر توند و تێژی هەوسا پچراوی دەوڵەتەکانی ناوچەکە لە دژی خەڵکی کوردستان دەدەن، بەیارمەتی دام و دزگای تەبلیغاتی خۆیان، ریاکارانە قوربانیانی ئەم جینایەتانەیان کە دیفاع لە خۆیان دەکەن و بە پێچەوانەی مەیلی خۆیان دەستیان بۆ چەك بردوە، بۆ گرتنە بەری ڕێگاکانی هێمنانە بانگەواز دەکەن، ئەوان داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەن یەکێك لە ئامرازەکانی مەقاوەمەت و خۆراگری خۆیان بە شێوەیەکی ستراتژیك بخەنە لاوە.**

**ئاسۆی ئێمە بۆ رزگاری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش شۆڕش و راپەڕینە. شۆڕشێك کە هێزی هاندەری لە کرێکاران و زەحمەتکێشان پێکهاتوە، شۆڕشێکی ئەوتۆ سەرچاوەکەی نەك لە ئیرادەی ئێمەوە بەڵکوو لەسەر بنەما ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکان بینا دەکرێ. ناکوکێ چینایەتی، نابەرابەری و هەڵاواردن و مەحرومییەتە کۆمەڵایەتی‌یەکان، نە بوونی ئازادی‌یە فەردی و سیاسی‌یەکان، رێگە گرتن لە ئازاد ژیان و ئازاد بیر کردنەوەیە کە کۆمەڵگایەك لە شۆڕش نیزیك دەکاتەوە. شۆڕش بەمانای جێ گۆرکێی دەسەڵاتی سیاسی لە دەست کەمایەتیەکی بچووکەوە بۆ زۆرینەی بەرهەم هێنەرانی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا. واتە پێکهێنانی ئاڵ و گۆڕی بنەرەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ژیانی جەماوەردا، ئێمە دەمانهەوێ هەموو ئامانجی ئێنسانی و عادڵانەمان لە ڕێگای هێمنانەوە بێتەدی، بەڵام ئەوە ناوەرۆکی کۆنەپەرستانە و سەرکوتگەرانەی رژیمی مەزهەبی دەسەڵاتدارە کە خەباتی شۆڕشگێرانە بەرەو توندوتیژی چەکدارانە.**

**بە ئاسۆ و تێروانینێکی ئەوتۆ و تەنیا لە ناوجەرگەی شۆڕشێکی جەماوەری‌دایە کە خەباتی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگەش شوێنی خۆی دەدۆزیتەوە. لەهەل ومەرجێکی ئەوتۆدایە کە ئێمە لە سەرپێویستی ئیدامەکاری و ئامادەیی هێزی پێشمەرگە پێ دادەگرین، هەرگیز هاتنەدی ئیستراتژی ئێمە لەسەر بناغەی سەرکەوتنی نیزامی هێزی پێشمەرگە دانەرێژدراوە. هێزی پێشمەرگە بۆ ئێمە باسکی چەکداری حیزبێکی سیاسی‌یە، لە کۆنگرەی شەشەمی کۆمەڵە لە (بەهاری ساڵی ١٣٦٨)دا بە روونی وتومانە سەرکەوتن لە رێگای گرێدانی موبارزەیەکی هەمەلایەنەی ئابووری، سیاسی و نیزامی و لە ناوجەرگەی ئاخێزێکی جەماوەری‌دا مسۆگەر دەبێ. تاکتیکەکان، شێوەی کار و ئەولەوییەتەکانی ئەم هێزە لە هەر قۆناغێکدا بەسەرنج دان و لەبەرچاوگرتنی ئێمکاناتی عەمەلی هەڵسەنگاندنێکی کۆنکریت لە هەل و مەرجێك کە تێی‌داین، دیاری دەکرێ.**